KOREK

ئەگەر لەبەر سەرەتا بەهێزەکەی نەبوایە کەس ئێستا نەیدەناسی..

"هازارد بۆ هیچ یانەیەکی گەورە دەستنادات"

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رۆژنامەنووس و شرۆڤەکارێکی وەرزشیی بەناوبانگی بەریتانی پێیوایە، ئیدین هازاردی یاریزانی بەلجیکی شایەنی ئەوە نییە هیچ گەورە یانەیەکی ئەورووپی پارەیەکی زۆری پێبدات و دەڵێت «نەک یانە گەورەکانی وەک بارسێلۆنا، ریال مەدرید و بایرن میونشن، بەڵکو چێڵسییە بێ هێزەکەی ئێستاش پێویستی بەو نییە».

ئەندرۆ دیلۆن، لە وتارێکی رۆژنامەڤانیدا گاڵتە بەو لێدوانەی هازارد دەکات کە گوتبووی «زەحمەتە مرۆڤ دەستەوارەیەک لە پاریس سانجێرمان رەتبکاتەوە»، چونکە وەک ئەو رۆژنامەنووسە نووسیویەتی «ئەو هازاردەی کە خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پێشووی پێیوابوو رکابەری مێسی دەکات، یان دەبێتە جێگرەوەی زەینەدین زێدان، ئێستا یاریزانێکی زۆر ئاساییە، هیچ یانەیەکی گەورە ئامادە نییە خەرجییەکانی ئەو لەئەستۆ بگرێت، کە خەرجییەکانی لە چێڵسی نزیکەی 250 هەزار یۆرۆی هەفتانەیە». هەروەها نووسیویەتی «پاریس سانجێرمان هیچ پێویستی بە باشترین یاریزانی وەرزی رابردووی پریمەرلیگ نییە، کە ئەمساڵ بووەتە سێیەری خۆی، لە هەموو خول و پاڵەوانییەتییەکاندا تەنیا 2 گۆڵی تۆمارکردووە، ئەوانیش لە جامی یەکێتی ئینگلتەرا بوونە».

ئەندرۆ دیلۆن، لەو وتارەیدا لەوەش زیاتر دەڕوات و دەنووسێت «ئەگەر لەبەر ئاستە بەهێزەکەی پێشووی نەبوایە، ئێستا کەس هازاردی هەر نەدەناسی».

WWW.RUDAW.NET

ڕوودا وەرزشی

ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8 18ی رەشەمێ 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

لیۆنێل مێسی بەرەو دووبارەکردنەوەی سیناریۆی 2012..

شەڕ کەوتە نێو MSN

کۆدەکانی سەرکەوتنی مانچستەر سیتی

5

یانەیەکی کوردستان..

کێشەکانی لە ڕێگەی سوڵحی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکات

«2

رووداو وەرزشی
ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

سارد نابنەوە

عەباس فەرەجی راهێنەری تیپی فوستاڵی کچانی یانەی ئەفرۆدیت، لە لێدوانێکدا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «زیاتر لە 18 مانگە هیچ مووچەیەکمان وەرنەگرتووە، یاریزانەکانمان لەسەر گیرفانی خۆیان هاتوچۆ دەکەن، تەنیا لەبەر خۆشەویستیان بۆ وەرزش و یانەکەیان. بەداخەوە ئێمە کە پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستانمان بەدەستهێنا، بڕیار بوو خەڵات بکرێین، کەچی نەک هەر خەڵات نەکراین، بەڵکو بەرپرسانی وەرزشیی شارەکەمان چاویشیان بە ئێمە نەکەوتووە، بۆیە بۆ ئێمە و یاریزانانیش زۆر ناخۆشە کە رێز لەم دەستکەوتانمان ناگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سارد نابینەوەو بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی وەرزش».

دەیانەوێ (رووداو)یش رۆڵی نێوەندگیری ببینێت..

یانەیەکی کوردستان کێشەکانی لە رێگەی سوڵحی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکات

راهێنەری باسکەی سیروانی نوێ: دوو کەس کە بە نا یاسایی بوونەتە ئەندامی یانەکە دژایەتیم دەکەن

ئەندامێکی کارگێڕی یانەکە: دەستبەرداری راهێنەرەکە بووینەو ناگەڕێتەوە

تایبەت بە رووداوی وەرزشی

رزگار رەئـوف، راهێنەری تیپی باسـکەی کچانـی سـیروانی نـوێ، کـە بەمدواییە بە بڕیارێکی دەسـتەی کارگێڕی یانەکە لەسەر کار لابرا، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە رێگەی چەند کەسێکەوە سـوڵح لەگەڵ یانەکەی بکاتـەوەو ببێتەوە راهێنەری. کە خۆی بە (رووداوی وەرزشی) گوت «دەمانەوێ لە رێگـەی چەند کەسـایەتییەکەوە، کە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ سەرۆکی یانەکـە هەیە بگەڕێنیـەوە، چونکە ئەم یانەیە بە ماڵی خۆمانی دەزانین».

بەر لە چەند رۆژێک ئیدارەی یانەی وەرزشـیی سـیروانی نـوێ بڕیـاری دوورخسـتنەوەی رزگار رئوفی راهێنەری تیپی باسـکەی کچانی سیروانی نوێـی دەرکردو بەو هۆیـەوە ناڕەزایی لێکەوتەوەو سـەرجەم کچانی سـیروانی نـوێ وەک وەفایەک بـۆ راهێنەرەکەیان بڕیاری وازهێنیـان دا لە ریزی باسکەی سیروانی نوێ، بەڵام ئێستا ئەو راهێنەر و یاریزانانە سوورن لەسەر گەڕانەوە بۆ یانەکەیان. لەو بارەوە رزگار رەئوف بە (رووداوی وەرزشـی) گوت «من و یاریزانەکانیش سوورین لەسەر گەڕانەوەمان بـۆ یانەکەمـان، ئێسـتا لـە رێگـەی کۆمەڵێـک کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی دەمانەوێ کارەکە بە کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەین، ئەم زاتانە خۆیان داوایان کردووە، بۆیە ئێمەش ئەوانمان کردووەتە برا گەورەی خۆمان بۆ چارەسـەرکردنی ئەم گرفتە».

ئـەو راهێنەرە زیاتر گوتی «ئـەم کچانە یەکەمی عێراقن، هەسـت و سـۆزێک هەیە لەنێوان خەڵک و ئـەم بەرنامەی ئێمە کە کاری لەسـەر دەکەین، ئەم بەرنامەیە نابێت بفەوتێت، چونکە ئەم شـارە بەم بەرنامەیەوە جوانە، ئەوان بە ئێمەیان گوتووە نێوەندگیریتان دەکەین ئێمەش ئەوانمان سەرپشک کردووە بۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتە. هەروەها دەمانـەوێ لە رێگـەی رووداویشـەوە نێوەندگیری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە».

وادیارە ئیدارەی یانەکە بە جۆرێکی دیکە بیر لەم پرسـە دەکاتەوە، چونکە وەک فەهمی حەمەمینی ئەندامی دەسـتەی کارگێڕی یانەکە، بە (رووداوی وەرزشـی) گوت «کێشەی ئەو راهێنەرە بڕواتەوە، هیچ سوڵح و هیچ هەوڵێک بۆ گەڕانەوەی ئەو نییە، ئێمـە دەسـتبەرداری بووینەو تـەواو». هەروەها گوتیشـی «ئێمـە دەسـتبەرداری یاریزانەکانمان نابین، دووجار لەگەڵیان دانیشـتووین، بۆ ئەوەی بیانگەڕێنینەوە».

رزگار رەئـوف دەڵێـت هەتا بکرێـت هەوڵ بۆ چارەسـەری دەدەین، بـەڵام ئەگەر نەکرا با ئەوان بڕیارێـک بدەن، بە نووسـراو بڵێن ئـەو تیپەمان هەڵوەشاندەوە، ئێمەش ئەوکات هەڵوێستی خۆمان لە رووی ئەخلاقی و یاسایی رادەگەینین و گوتیشی «بە دووری مەزانن رێکاری یاسایی لە دادگا بگرینە بەر».

راهێنـەری تیپـی باسـکەی کچانی سـیروانی نوێ، پێیوایە هیچ کێشـەیەکیان لەگەڵ سەرۆکی یانـەی سـیروانی نـوێ نییـە، تەنیـا دوو لـە ئەندامانی دەسـتەی کارگێڕی، کە بەقسەی خۆی بەشێوەیەکی نایاسـایی بوونەتە ئەندام، دژایەتی ئـەو دەکـەن و ئـەوان وایان لە سـەرۆکی یانەکە کردووە ئەو بڕیارە لەدژی ئەو دەربکات «من تەنیا لەسەر یەک وشە دژایەتیم دەکەن، کە بۆ زۆر شت پێمگوتوونـە (نا)، من دڵنیام سـەرۆکی یانە بە چاوی برا گـەورە دەڕوانێتە بابەتەکە، بەڵام یەک دوو کارگێڕی یانەکە کاریگەریان لەسـەر سەرۆکی یانەکـە هەبووە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی لەدژی من دەربکات، ئەوان زۆر شـتیان بۆ من هەڵبەستووە، لە کاتێکدا ئەو دوو برادەرەی ئیدارە بە نایاسایی و بێ هەڵبژاردن و بە کۆمەڵێک پرەنسیپی سیاسی و نا وەرزشی هاتوونەتە ناو ئیدارەی یانەکە، ئەوان دەنگی پێویسـتیان بەدەسـت نەهێنـاوە». ئەو راهێنەرە هیوا دەخوازێت سەرۆکی یانەکە وەک برا گەورە سـەیری بابەتەکە بکات و چارەسەرییەکی بۆ بدۆزێتەوە.

بەقسـەی رزگار رەئـوف، ئێسـتا دوو یانـەی کوردسـتان لەسـەر خەتن بۆ ئـەوەی ئەو بکەنە راهێنـەری یانەکەیـان، بەڵام ئەو نایـەوێ ناویان ئاشـکرا بکات، تاوەکو نەزانێت کە چارەنووسـی لەگەڵ سیروانی نوێ بە کوێ دەگات «بەرپرسانی دوو یانـەی کوردسـتان داوایـان کـردووە مـن و یاریزانەکانیشـم بچینە یانەکانیـان، یەکێکیان لە سـلێمانییە و ئـەوەی دیکەش لـە هەولێر، بەڵام لە راسـتیدا نامەوێ ئێسـتا ناویان ئاشکرا بکەم، چونکە دەمانەوێ لەگەڵ یانەکەی خۆمان بەردەوام بین بۆ ئەوەی ئەم کارە گەورەیە بەردەوام بێت».

هەروەها گوتیشـی «من ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئامادەکاریم بۆ ئـەو بەرنامەیەی خۆم، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی وەرزشیی شارەکەم و کوردستانی پێبکەم، تیپێکیم لە هەموو ئاسـتەکان دروسـت کـردووە، کـە 63 یاریـزان لەخـۆ دەگرێت، تاکە تیپە لەسـەر ئاسـتی عێراق و کوردستان. منیش دەتوانم بچم لـە کۆمپانیایەک کاربکەم و مانگانە مووچەیەکی باش وەربگرم، بەڵام بەداخەوە ئەوان هێشتا رازی نین و دژایەتیمان دەکەن».

لە خولی نایابی عێراقدا..

بۆچی ئەم وەرزە یانەکانی کوردستان دەستبەتاڵبوون؟!

خوێندنەوە: ئەرسەلان عەبدوڵڵا

لەگـەڵ ئـەوەی چـاوەڕێ دەکـرا هەرسـێ یانەی باشـووری کوردسـتان ئـەم وەرزە لە خولـی نایابی عێراقـدا رکابـەری بکەن بۆ بردنـەوەی نازناوەکە یان بەلای کەمەوە بگەنە قۆناخی بژاردە، بەڵام لە کۆتاییدا هەرسـێ یانەی هەولێر، دهۆک و زاخۆ بەدەستبەتاڵی لە خولەکە دەرچوون.

لە وەرزەکانی پێشـوودا هەمیشە چاوەکان لەسەر یانەکانی کوردسـتان بـوون، ئەمەش بەهـۆی بوونی کارگێڕیـی بەهێـز و راهێنـەری گـەورە و هەروەهـا بوونـی یاریزانـی پیشـەگەر و ناوخۆیی ئاسـتبەرز و تەنانـەت یاریزانانی هەڵبـژاردەی عێراق لەو تیپانەدا، بەڵام قەیرانی دارایی باشـووری کوردسـتان و کێشـە سیاسییەکان و شەڕی دژ بە داعش، کاریگەری خراپی کردە سـەر کەرتی وەرزش بەگشتی و یانەکانی تۆپی پێ بەتایبەتی، کە لە بری بایەخدان و پاڵپشتی دارایی، پشتگوێخستن و پەراوێزخستنیان هاتە پێشەوە.

یانەکانـی کوردسـتان هەرچەنـدە سـەرەتا باش دەرکەوتن لە خولی عێراقدا، کە تەنیا زاخۆ سەرەتاکانی باش نەبوو، بەڵام قەیرانی دارایی تارمایی خۆی بەسەر یانەکانـدا جێهێشـت و ناچاریکـردن دەسـتبەرداری یاریزانە باشەکانیان ببن، ئەو یاریزانانەی کە دەیانتوانی جیاوازی دروستبکەن لە یارییەکاندا.

تاوەکـو کاتێکی نزیکی رابـردوو، هەولێر و دهۆک دەسـتیان بەسـەر نازنـاوی خولی عێراقـدا گرتبوو، کە لە ماوەی سـاڵانی 2007 تاوەکو 2012 هەولێر 4 نازنـاوی بردەوەو دهۆکیش نازناوێک، بەڵام بارودۆخی ئەمساڵ و ساڵی رابردووی باشووری کوردستان، وایکرد هەولێر و دهـۆک لە نازناوەکان دووریکەنەوەو زۆربەی ئەستێرەکانیشیان لەدەستبدەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە یانە جەماوەرییەکانی عێراق کەوتبوونە ژێر باڵادەستیی یانەکانی باشووری کوردستانەوە.

سـەبارەت بە یانەی زاخۆش، ئەم وەرزە زۆر نزیک بـوو لە گەیشـتن بە قۆناخی بـژاردەی خولی عێراق، تەنانـەت لـە دوایاریدا لە کۆمەڵەکـەی، یەک خولەک مابوو ئامانجەکەی بێنێتەدی، بەڵام لەگەڵ یانەی بەغدا لە دواخولەکی یارییەکەدا گۆڵی لێکرا و دۆڕا، هەولێریش لەسـەر دەستی زاخۆ لە گەیشتن بە قۆناخی داهاتوو بێبەشـکرا، بەڵام دهۆک زووتر بە بڕیارێکی کارگێڕیی خـۆی لە خولەکـەدا کێشـایەوە، وەک کاردانەوەیەک بۆ مامەڵـەی خراپی جەماوەری یانەکانی ناوەڕاسـت و باشـووری عێراق بەرامبەر تیپەکە، کە هەڕەشـە و ستەمی زۆریان لە دهۆک و تیپەکانی دیکەش دەکرد.

دوور لـە رکابەرییەکانی خولی عێـراق، ئەوەی بە قازانجی یانەکانی کوردستان دەشکێتەوە، هاتنەپێشی کۆمەڵێک یاریزانی ناوخۆییە لە پێکهاتەی ئەو یانانە، بەتایبەتـی هەولێـر و دهـۆک، کـە بەهـۆی قەیرانی دارایی‌ەوە ناچاربوون پشت بە هێز و خوێنی ناوخۆیی ببەستن و تا رادەیەکی باشیش سوودیان لە لاوەکانی خۆیان وەرگرت، کە ساڵانێک بوو بەهرە ناوخۆییەکان لەسەر کورسی یەدەگ بەهۆی بوونی یاریزانی زۆری عـەرەب و بیانییەوە، لە یاریکـردن و دەرکەوتن بێبەش بوون.

ساندی مالۆ، یاریزانە پیشەگەرە نایجیرییەکە..

دڵی لە کەرکووکە

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی ـ کەرکووک

سـاندی مالۆ، یاریزانی پیشەگەری بە رەگەز نایجیریـی یانـەی وەرزشـیی کەرکـووک، بـە (رووداوی وەرزشـی) راگەیانـد «من هەمیشـە لەگەڵ یانەی کەرکووک و شارەکەی ئاسوودەم، بڕیاریشمداوە بۆ ساڵی داهاتووش بەردەوام بم و بەرگری لە رەنگەکانی یانەکە بکەم».

یانـەی کەرکووک ئەم وەرزە بە پشتبەسـتن بە کوڕانی شـارەکە تا راددەیەک توانیویەتی لە خولی نایابی یانەکانی کوردسـتان بوونی خۆی بسـەلمێنێت و بە ئەنجامەکانی دڵی هاندەرانی رازی کـردووە، هەرچەنـدە قەیرانـی دارایی‌ـش بەرۆکی یانەکەی گرتووە، کە بەهۆیەوە سـاندی تاکە یاریزانی ئەفریقی پیشـەگەرە لە ریزەکانی ئـەو یانەیـەدا، کە ئـەم وەرزە لـە نایجیریاوە هاتووەتـە شـاری کەرکووک بۆ یـاری کردن لە خولی کوردستان.

سـاندی مالـۆ، کە پێشـتر لـە هەریەک لە خولەکانـی نایجیریـا، گانـا و لـە خولـی ئوردنیـش بـۆ یانـەی عەرەبـی یاری کـردووە و ئاسـتی شایسـتەی پێشکەش کردووە، لە بارەی هاتنـی بـۆ شـاری کەرکـووک، بـە (رووداوی وەرزشی) گوت «من پێشووتر لە چەند خولێکی دەرەوەی کوردستان یاریم کردووە، ئێستاش لە وڵاتی خۆمەوە هاتوومەتە کوردستان بۆ ئەوەی لە کوردسـتان لیگ یاری بکەم، کە لە راسـتیدا ئەوە خۆشییەکی زۆر بەمن دەبەخشێت، من زۆر خۆشـحاڵم کە وەک یاریزان بەرگری لە درێسی یانەی وەرزشیی کەرکووک دەکەم».

سـاندی، کـە سوپاسـگوزاری یاریزانـان و دەستەی راهێنەران و کارگێڕی یانەی کەرکووکە، بەهـۆی ئـەو پاڵپشـتییە زۆرەی بەقسـەی خـۆ ی لێیـان کـردووە، لە بـارەی خولـی کوردسـتانەوە، گوتـی «مـن یەکەم وەرزمە لە خولی نایابی کوردسـتان یاری دەکەم، بەڵام ئەوەی تێبینیم کردووە ئەو خولە لە هەموو رووییەکەوە خولێکی سـەرکەوتووە و بەباشـی بەڕێوەدەچێـت، هیـچ کێشـەیەک لـەم خولـەدا بـەدی ناکەم، هەسـتدەکەم لـە کوردسـتان وەرزش پێگـەی خۆی هەیـە، بەتایبەتی یاری تۆپی پێ، کە لە شـارەکانی کوردستان گرنگی باشی پێدەدرێت، وەرزشکارانی شاری کەرکووکیش زۆر خولیایان بۆ وەرزش هەیە، لەبەرئەوە من زۆر ئاسـوودەم لە شـاری کەرکووک، هەستدەکەم لە ناو کەس و کاری خۆمم، ئەگەر بچمەوە وڵاتەکەی خۆشم دووبـارە دەگەڕێمەوە شـاری کەرکـووک ئەگەر ئەوان پێویستیان بە من بێت».

یاریزانـە پیشـەگەرە تاقانەکـەی یانـەی کەرکووک، هەروەها گوتی «من هەموو هەوڵێکی خـۆم دەخەمە گەڕ لەگـەڵ یانەی کەرکووک بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزەدا ئەنجامی شایسـتە بۆ جەماوەری شـاری کەرکووک بەدەستبێنین، کە بەڕاستی ئاستی یانەی کەرکووک لە ئاستی یانەکانی دیکە باشـترە و هەموومان بە یەکەوە دەتوانین شتی باش بۆ کەرکووک بکەین».

هەروەها ساندی گوتیشی «کەرکووک لە ناو دڵی منەو ناتوانم دەری بێنم».

KOREK Telecom

ئینتەرنێتی EXTRA G
بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئیکسترا و ئیکسترا VIP و ئیکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

پاکێجەکان	ئیکسترا	ئیکسترا VIP	ئیکسترا پلەس
قەبارە	10 GB	20 GB	40 GB
کاراکردنی پاکێج (د.ع.)	40,000	60,000	90,000
ماوەی بەردەستبوون	30 ڕۆژ	30 ڕۆژ	30 ڕۆژ
کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.)	7,000	6,000	5,000
زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.)	5,000	4,000	3,000

korektel.com
411

KOREK

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

70%

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە، ئاشکرایکرد بێجگە لە هاندەرانی ریال مەدرید، زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی ئەو یانەیەش بێزارن لە مانەوەی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ئەو یانەیە لەسەر پۆستەکەی، بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی کە لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەودا بەسەر ریال مەدریددا هاتووە . بەپێی ئەو سەرچاوەیە نەیارانی پیرێز ئامارە خراپەکانی ئەو بە پاساو دەنێنەوە بۆ دژایەتیکردنی سەرۆک و دەڵێن «ریال مەدرید لە دوو ماوەی سەرۆکایەتی پیرێزدا 70 %ی ئەو نازناوانەی لەدەستداوە کە ململانێی لەسەر کردوون» .

بەرەو دووبارەکردنەوەی سیناریۆی 2012..

مێسی دەتوانێت زیاتر لە 91 گۆڵ تۆماربکات

ژمارەکانی مێسی لەگەڵ هەموو راهێنەرکانی بارسێلۆنا:

- فرانک ڕێکارد (2004 ـ 2008) 78 یاری کردووە و 31 گۆڵی تۆمارکردووە .
- پیپ گواردیۆلا (2008 ـ 2012) 136 یاری کردووە و 138 گۆڵی تۆمارکردووە .
- تیتیۆ ڤیلانۆڤا (2012 ـ 2013) 32 یاری کردووە و 46 گۆڵی تۆمارکردووە .
- تاتا مارتینۆ (2013 ـ 2014) 31 یاری کردووە و 28 گۆڵی تۆمارکردووە .
- لویس ئێنریکی (2014 ـ تاوەکو ئێستا) 59 یاری کردووە و 63 گۆڵی تۆمارکردووە .



ئا: ڕووداوی وەرزشی

ئەو ئامار و ژمارانەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی لە ماوەی 2 مانگی رابردووی ساڵی 2016دا تۆماریکردوون، ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەو کوڕە ئەرجەنتینییە بتوانێت موعجیزەکەی ساڵی 2012 دووبارە بکاتەوە، کە لە ساڵێکدا 91 گۆڵی تۆمارکردو بووە یەکەم یاریزان لە مێژوودا ئەو ژمارە زۆرەی گۆڵ لە ساڵێکدا تۆماربکات.

سەرەتایەکی باشتر

سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ مێسی بە ریتمێکی جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو یاری دەکات و کەمتر بایەخ بە گۆڵکردن دەدات، سەرەتای ئەمساڵی لە هەموو ساڵانی پێشووتر باشترە، لە رووی گۆڵ تۆمارکردنەوە، تەنانەت لە ساڵی 2012ش کە ریکۆردە مێژوویییەکەی تێدا تۆمارکرد.

مێسی لە 2 مانگی ئەم ساڵدا تاوەکو ئێستا 22 گۆڵی تۆمارکردووە، کە 5 گۆڵأ زیاترە لە یەکەم دوو مانگی ساڵی 2012. چونکە مێسی لە 2012 لە هەردوو مانگی کانوونی دووەم و شوباتدا 14 گۆڵی تۆمارکردبوو، بەڵام ئەمساڵ لەو دوو مانگەدا 17 گۆڵی تۆمارکرد، کە دواینیان ئەو گۆڵە بوو کە بە لێدانێکی راستەوخۆ لە گۆڵی یانەی سڤیلیا تۆمار کرد.

لە ئاداری 2012دا مێسی 10 گۆڵی تۆمارکرد، ئەمساڵیش لە 3 یاریدا 5 گۆڵی تۆمارکردووەو چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی گۆڵەکانی لەم مانگەدا زیاتر بکات.

ئەگەر مێسی لەسەر ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی ئێستای بەردەوام بێت، کە لەم ساڵدا تاوەکو ئێستا 22 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە دەتوانێت ریکۆردی 2012 بشکێنێت و زیاتر لە 91 گۆڵ تۆمار بکات، بەتایبەتی کە ئەمساڵ بەشداری لە کۆپا ئەمریکا دەکات و دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنی زیاتری لەپێشە .

ژمارەکانی مێسی لە لالیگا

ناکرێت باسی ئاستی بەرچاوی ئەمساڵی یانەی بارسێلۆنا بکەین و لەسەر ڕۆڵی گەورەی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل مێسی هەڵوەستە نەکەین، کە چەند ساڵێکە ڕۆڵی لە دەستکەوتەکانی یانەکەدا هەیە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا مێسی بەربەستی 300 گۆڵی لە خولی ئیسپانیا تێپەڕاند، لەو ڕاپۆرتەدا هەڵوەستە لەسەر ژمارەکانی مێسی دەکەین لەگەڵ هەموو ئەو راهێنەرانەی لە یانەی بارسا سەرپەرشتیان کردووە، ئەوانیش ریکارد، گواردیۆلا، ڤیلانۆڤا، مارتینۆ و ئێنریکین، لەمەدا بە رووونی دەردەکەوێ ئەنجامەکانی مێسی لەگەڵ گواردیۆلا لەهەمووان باشترە، چونکە توانی 138 گۆڵ لە 136 یاری تۆمار بکات لە خولی ئیسپانیا .

12 ساڵە پارێزگاری لە ڕێژەی گۆڵەکانی دەکات

لەم بارەوە ئامارەکان درەیدەخەن، مێسی بە درێژایی 12 ساڵی رابردوودا کە درێسی تیپی یەکەمی بارسێلۆنای پۆشیووە، توانیویەتی پارێزگاری لە ڕێژەی گۆڵەکانی بکات کە خۆی لە گۆڵێک لەیەک یاری دەدات، بێجگە لە یەکەم وەرزی لەگەڵ فرانک ڕێکارد، کە لەبەر بوونی سێیانەی ئیتۆ، جولی و ڕۆناڵدینهۆ زۆر پشتی پێنەدەبەست، مێسی هەمان ژمارەی ئەو گۆڵانەی تۆمارکردووە، بەبەراورد بەو یارییانەی ئەنجامی داون لەگەڵ هەموو راهێنەرەکان، هاوشێوەی ئێستای لەگەڵ راهێنەر لویس ئێنریکی، کە لە 59 یارییدا 63 گۆڵی تۆمار کردووە، لەگەڵ مارتینۆ 28 گۆڵی لە 31 یاری تۆمار کرد، لەگەڵ گواردیۆلاش 138 گۆڵی لە 136 یاری تۆمار کرد.

ئەگەر پێکان نەبا ژمارەکانی باشتر دەبوون

مێسی دەیتوانی لەم وەرزەدا ژمارەی باشتر تۆمار بکات، چونکە توانای جەستەیی زۆر بەرزە، بەڵام لەبەر پێکان کە هەموو جارێ بەرۆکی دەگرێت و لێناگەڕێت لە هەموو یارییەکانی تیپەکەی بەشداری بکات، لەسەرەتای وەرزەوە تاوەکو ئێستا تووشی سێ پێکان بووە، کە یەکێکیان ناچاریکرد دوو مانگی تەواو لە یاریکردن دوور کەوێتەوە، بەمەش ژمارەیەک یاری لەکیس چوو، بۆیە نەیتوانی ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ ئێنریکی زیاتر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لێکەوتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، دەرفەتەکانی مێسی بۆ شکاندنی ژمارەکانی سەردەمی گواردیۆلا زۆرە، نەخاسمە ئەو تاوەکو ئێستا تەنیا 58 یاری کردووە، بەبەراورد بە 136 یاری لەسەردەمی پیپدا.

مێسی ڕۆڵی نێوبژیوانی دەبینێت..

شەڕ کەوتە نێو MSN



ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان رایانگەیاند کە کێشە کەوتووەتە نێوان دوو لقی MSNی یانەی بارسێلۆنا، هەریەک لە لویس سواریزی هێرشبەری ئۆرگۆایی و نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی و دەڵێن «ناکۆکی ئەو دووانە لەسەر گۆڵکردنەو لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینیش کە سێیەم لقی سێکوچکەکەیە، ڕۆڵی نێوبژیوانی لەنێوانیاندا دەبینێت» .

کەناڵی بی ئێن سپۆرتی فەرەنسی، لە راپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە پەیوەندییەکانی نێوان نەیمار و سواریز تادێت بەرەو خراپی دەچن، بەهۆی ململانێیان لەسەر گۆڵ تۆمارکردن و نووسیویەتی «سەرەڕای ئەوەی مێسی ڕۆڵی نێوبژیوانیکەر دەبینێت و هەمیشە بە پێدانی پەنالتی بەو دوو یاریزانە بۆ ئەوەی لەجیاتی خۆی جێبەجێیبکەن، ئەوان بەردەوامن لە ناکۆکییان، چونکە هەریەکەو دەیەوێ خۆی گۆڵ بکات» . هەروەها ئەو کەناڵە دەشڵێت «مێسی بێجگە لەو ڕۆڵە هەمیشە هەوڵ دەدات بە گاڵتە و سوعبەت لەیەکدیان نزیک بکاتەوە، بەڵام وادیارە کێشەکە جدییە، چونکە لە یارییەکانی بارسادا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە ئەو دووانە ئێستا وەک پێشتر پاس بەیەکدی نادەن، هەرچەندە زۆرجار یەکێکیان لە شوێنی زۆر گونجاوە بۆ گۆڵ تۆمارکردن، کەچی ئەوەی دیکە بەئەنقەست تۆپەکەی پێنادات بۆ ئەوەی گۆڵ تۆمار نەکات» .

چاودێران پێشبینی دەکەن ئەو کێشەیە کاریگەرییەکی ترسناکی بەسەر ئاستی بارسێلۆنادا هەبێت، ئەگەر زوو ئەو کێشەیە چارەسەر نەکات، کە مێسی ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرتووەو بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی کەتالۆنی «مێسی زۆر هەوڵ دەدات بە تەنیا قسە لەگەڵ هەردووکیان بکات و ئەو ناکۆکییە لەنێوانیاندا نەهێڵێت» .

یارییەکانی ئەم وەرزەی لە 60 یاری ڕەتدەکات..

نەیمار هەڕەشەی لەسەرە

ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA

لەو کاتەی هەموو هەواڵەکان باس لە نوێکردنەوەی گرێبەستی نەیمار دا سیلڤا لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا دەکەن، ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی هەڵوەستەی لەسەر کێشەی بەشداریکردن و نەکردنی نەیمار لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ریۆدی جانیرۆ کردووەو دەڵێت «نەیمار هەڕەشەی لەسەرە» .

ڕۆژنامەکە دووپاتی کردووەتەوە نەیمار ئەگەر بڕیار بدات بەشداری لە یارییەکانی ئۆلۆمپیاد بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل، لەوانەیە سەرەتای دەستپێکردنی خولی ئیسپانیای لە وەرزی داهاتوو لەکیس بچێت، چونکە ناچار دەبێت دوو هەفتە پشوو بدات و لە مانگی ئەیلول بگەڕێتەوە، لەو کاتەی خولی ئیسپانیا ڕۆژی 21ی ئاب دەستپێدەکات، بۆیە کارگێڕی بارسێلۆنا هەوڵەکانی بەگەڕخستووە، بۆ ئەوەی لێنەگەڕێت نەیمار بەشداری یارییەکانی ئۆلۆمپیاد بکات.

یان کۆپا ئەمریکا یان ئۆلۆمپیاد

بەڕێرسانی بارسێلۆنا دەزانن لەبەر یاساکانی فیفا ناتوانن ڕێگە لە نەیمار بگرن، لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری نەکات، بۆیە بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسا چارەیەکی ناوەڕاستی دۆزیوەتەوە، ئەویش سەرپشککردنی نەیمارە یان لە پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا بەشداری بکات لە ئەمریکا، کە مانگی حوزەیرانی داهاتوو بەڕێوەدەچێت، یان بەشداری لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ریۆدی جانیرۆ بکات، کە مانگی ئاب لە بەرازیل بەڕێوەدەچێت، بژاردەی یەکەمی ئەگەر بەشداری لە کۆپا ئەمریکا بکات، دەتوانێت مانگێک پشوو بدات پێش ئەوەی لەگەڵ بارسا دەست بە راهێنانەکان بکاتەوە بۆ وەرزی داهاتوو، هەروەها دەتوانێت بەشداری کۆپا ئەمریکا نەکات و تەنیا لە ئۆلۆمپیاد بەشدار بێت، بەمەش سوود لە پشووی هاوینە وەردەگرێت لە کاتی خۆیدا، پاشان لە مانگی تەممووز بەشداری مەشقەکان دەکات لەگەڵ بارسا، بەڵام دوو هەفتەی لە مانگی ئاب بەهۆی ئۆلۆمپیاد لەکیس دەچێت.

نەیمار ئۆلۆمپیادی پێباشترە

نەیمار بەشداریکردنی لە ئۆلۆمپاد لە مانگی ئاب پێباشترە، بۆ ئەوەی رابەرایەتی هەڵبژاردەی سامبا بکات ملوانکەی زێڕ بەدەستبێنێت، کەچی دەستەی هونەری بارسا بەشداریکردنی لە کۆپا ئەمریکا پێباشترە، بۆ ئەوەی لە سەرەتای وەرزی داهاتوو لە تواناکانی بێبەش نەبێت، چونکە ئەگەر لە ئۆلۆمپیاد بەشداری بکات، ناتوانێت بەشداری یاری سوپەری ئەورووپی یان ئیسپانی بکات، ئەگەر بارسا 3 نازناو بەدەستبێنێت، بۆیە چاودێران پێشبینی دەکەن، کارگێڕی یانەی بارسا هەڕەشەی بڕینی بڕە پارەی زۆر لە نەیمار بکات، ئەگەر سوور بێت لەسەر ئەوەی بەشداری لە یارییەکانی ئۆلۆمپیاد بکات.

لە 60 یاری ڕەت دەدات

لە لایەکی دیکەوە پێشبینییەکانی تیمی نێودەوڵەتی ئاشکرایان کردووە، نەیمار پاڵێوراوە لە بەربەستی 60 یاری لەو وەرزە ڕەت بدات، ئەگەر بەشداری لە هەموو یارییەکانی بارسا بکات، کە تاوەکو ئێستا بەشداری لە 35 یاری کردووە لە هەموو پاڵەوانەتییەکاندا، پێشبینی دەکرێ 10 یاری دیکە لە خولی ئیسپانیا بکات، لەگەڵ یاری کۆتایی جامی شا و 6 یاری لە چامپیۆنسلیگ، ئەگەر بارسا بگاتە یاری کۆتایی، بێجگە لە 6 یاری دیکە لە کۆپا ئەمریکا یان ئۆلۆمپیاد، بێ ئەژمارکردنی یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیالی 2018 لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆیە پاڵێوراوە لە 60 یاری یان زیاتر ڕەت بدات لەم وەرزەدا.

بەرنامەی نەیمار دوای کۆتایی وەرز:

- 21ی ئایار: یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا
- 28ی ئایار: یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ
- 3 تاوەکو 26ی حوزەیران: کۆپا ئەمریکا
- 27ی تەممووز: ئامادەکارییەکانی هاوینەی بارسێلۆنا بۆ وەرزی داهاتوو.
- 5 تاوەکو 21ی ئاب: ئۆلۆمپیادی ریۆدی جانیرۆ
- 21ی ئاب: دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خولی ئیسپانیا .

«بارسا دەیەوێ نەیمار بەشداری لە کۆپا ئەمریکا بکات، بەڵام ئەو حەزی لە ئۆلۆمپیادە»

KOREK

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

46

ڕاستە

دوای ئەوەی هەندێک لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ئاشکرایانکرد کە زەینەدین زێدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ئێستا لە ژووری جلگۆڕیندا بە زمانێکی زۆر توند قسە لەگەڵ یاریزانەکانی دەکات، سەرچاوەیەکی نزیک لە ماڵی شاهانە ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە و گوتی «ڕاستە، زێدان زۆرجار زۆر بە توندی قسە لەگەڵ یاریزانەکانی دەکات، چونکە ئەو دەیەوێ کەمێک لە لەخۆباییبوونی هەندێک لە یاریزانەکانی کەم بکاتەوە، کە پێیوایە لەخۆباییبوونی هەندێک لە یاریزانەکانی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئاست خراپی ئێستای ڕیال مەدرید».

بارسا و ئەتلەتیکۆ شاهیدی گەورەیی مۆرینیۆن

«لەوەتەی مۆرینیۆ ڕۆیشتووە ڕیال تەنیا 5 خاڵی لە بارسا و ئەتلەتیکۆ وەرگرتووە»

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

دوای دۆڕانی ئەم دواییەی بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لەسەر یاریگەی خۆی، ڕیال مەدرید 3 وەرزە بەرامبەر گەورەکانی لیگا هیچی پێناکرێت، ئامارەکان دەریدەخەن لەوەتەی خۆزێ مۆرینیۆ ڕۆیشتووە، ڕیال مەدرید تەنیا 5 خاڵی لە کۆی 36 خاڵ بەدەستهێناوە. یەک یاری لە بارسێلۆنا بردووەتەوە و دوو جاریش بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید یەکسان بووە، بەرامبەر 9 دۆڕان، لەوانە 5 بەرامبەر بارسایە و 4 بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، ئەوەش ئەنجامێکی زۆر خراپە و ئاستی ڕیال مەدرید لە لیگا نیشان دەدات، کە ئێستا پێی گەیشتووە.

ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەکان گەورەیی مۆرینیۆی سەلماند

ژمارە و ئامارەکان لەبارەی دواین چوار ڕاهێنەری ڕیال دەریدەخەن، ڕاهێنەری پورتوگالی خۆزێ مۆرینیۆ، باشترین ڕاهێنەری ڕیال بوو بە لایەنی سەرکەوتن بەسەر گەورەکانی ئیسپانیا، وەک ئەتلەتیکۆ مەدرید و بارسێلۆنا لە ساڵانی ڕابردوودا.

هەرچەندە ئەو ماوەیەی مۆرینیۆ ڕاهێنەری ڕیال بوو، بارسێلۆنا 11 نازناوی بەدەستهێنا بەرامبەر بە 3 نازناو بۆ ڕیال مەدرید، کەچی ژمارەکانی مۆرینیۆ بەرامبەر بارسا و ئەتلەتیکۆ مەدرید باسی خۆی دەکەن، چونکە بەسەر ئەنچیلۆتی، بینیتێز و زێدان سەرکەوت، مۆرینیۆ توانی 8 یاری بباتەوە و 2 یەکسانبوون و 2 دۆڕان، کە بەرامبەر بارسا بوو تۆمار بکات. لەبەرامبەردا ژمارەکانی ئەنچیلۆتی، زێدان و بینیتێز بەبەراود بە مۆرینیۆ کارەساتە، چونکە لە دواین 11 یاری بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید و بارسێلۆنا لە ماوەی سێ ساڵدا، یانەی شاهانە 8 یاری دۆڕاندووە و لە 2 یاری یەکسانبووە و تەنیا یەک یاری بردووەتەوە، کە بەرامبەر بارسا بوو لە وەرزی ڕابردوودا بە ئەنجامی 3 ـ 1 گۆڵ لە سانتیاگۆ برنابێودا. سەبارەت بە مۆرینیۆ توانی لە یەکەم وەرزی لەگەڵ ڕیال مەدرید 7 خاڵ لە کۆی 12 خاڵ لەدژی ئەتلەتیکۆ مەدرید و بارسێلۆنا بەدەستبێنێت، لە وەرزی 2011 ـ 2012 وەرزی دووەمی مۆرینیۆدا ڕیال مەدرید 9 خاڵی لە کۆی 12 خاڵ لە دژی بارسا و ئەتلەتیکۆ بەدەستهێنا، لە دواین وەرزیشیدا ڕیال مەدرید 10 خاڵی لە کۆی 12 خاڵ بەدەستهێنا، بەمەش کۆی یارییەکانی ڕیال مەدرید لەگەڵ مۆرینیۆ 8 بردنەوە و 2 یەکسانبوون و 2 دۆڕان بوو لە 3 ساڵدا، واتە 26 خاڵی لە کۆی 36 خاڵ بەدەستهێناوە. لە بەرامبەردا ئەو سێ ساڵەی کە مۆرینیۆ ڕاهێنەری ڕیال نەبوو، ئەنچیلۆتی لە یەکەم وەرزدا 1 خاڵی لە کۆی 12 خاڵ بەدەستهێنا، لە وەرزی 2014 ـ 2015 لە کۆی 12 خاڵ بەدەستبێنێت، لە وەرزی 2015 ـ 2016 یانەی شاهانە تاوەکو ئێستا تەنیا 1 خاڵی بەدەستهێناوە، لە چاوەڕوانی یاری گەڕانەوەی کلاسیکۆ لە سەر یاریگەی کامپ نو. بەمەش کۆی بەبێ مۆرینیۆ کارەساتە، چونکە تیپەکە 5 خاڵی لە کۆی 33 خاڵ بەدەستهێناوە.

توانی 3 خاڵ لە کۆی 9 خاڵی سێ ساڵی شاهانە

دەیەوێ توانای جەستەیی خۆی بەدەستبێنێتەوە..

ڕۆناڵدۆ دەست پێدەکاتەوە

"دۆن پەنای بردووەتە بەر پزیشکێکی توانای جەستەیی و سیستمێکی خوراکی تایبەت"

ئا: ڕووداوی وەرزشی

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئاشکرایکردووە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ مانگی ڕابردوو گرێبەستی لەگەڵ پزیشکێکی شارەزا لە توانای جەستەیی کردووە. ئەو پزیشکە ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆناڵدۆ کاردەکات لە ماڵەکەی لە مەدرید، دوور لەو کارەی دۆن لە ڕیال لە ڕاهێنانەکان دەیکات.

بە گوێرەی ڕۆژنامەکە، ڕۆناڵدۆ هەستی بە قورسایی ماسوولکەکانی و پاشەکشەکردنی توانای جەستەیی کردووە، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ئاستی بووە، ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات دۆن بەو هەنگاوە دەیەوێ ڕکابەری لەسەر خەڵاتی گۆڵکاری لالیگا و چامپیۆنسلیگ بکات، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو ڕاپۆرتانە بداتەوە کە دەڵێن کۆتایی هاتووە.

سیستمێکی خۆراکی تایبەت

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ڕیال مەدرید، جۆری خواردنەکانی بۆ جەماوەرەکەی ئاشکراکردووە، کە بۆ پارێزگاریکردن لە توانای جەستەیی و لاشەی وەرزشیی بەهێزی بەکاریان دەهێنێت. ڕۆناڵدۆ لە سەر لاپەڕەی خۆی لە ئینستاگرام وێنەیەکی خۆی لەگەڵ سفرەیەکی خواردن بڵاوکردووەتەوە، کە لە ماسی کالیماری و هێلکە و ماسی تونە و چەند پارچە تەماتەیەک پێکهاتووە. ڕۆناڵدۆ بەو وێنەیە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، کە باسیان لەوە دەکرد دوای گەیشتنی بە تەمەنی 30 ساڵی خەریکە پێکهاتەی جەستەیی بەهێزی لەدەستدەدات. لەو کاتەی هەندێک پێیانوایە ڕۆناڵدۆ بۆیە ئەو وێنەیەی بڵاوکردووەتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئینستاگرام بە چالاکی بمێنێتەوە، نەخاسمە ئەو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەک بڕە پارەیەکی خەیاڵی لە کارگێڕی ماڵپەڕەکە وەردەگرێت. ڕۆناڵدۆ دەیەوێ کێشی خۆی دابەزێنێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە لەشرێکی و خێرایی خۆی بکات، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی، پشت بەستنی بە سیستمێکی خۆراکیش یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان، کە یارمەتی بەردەوامبوونی لە نێو یاریگوکان دەدات.

لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یادداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

بەسەرهاتەکانی زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سوێدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «من زڵاتانم» باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە پێدەچێت لە منداڵیدا ژیانێکی زۆر هەژار و سەختی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەڕێکردبێت.

هەمیشە مۆرینیۆ

«خۆزێ لە کارەکانی زۆر لێهاتوو بوو، هەموو یاریزانەکان ئامادەبوون لە پێناوی بجەنگن»

«ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە نا کە بەشێوەی ورە بەرزکردنەوە قسەی دەکرد، ئەو دەیتوانی لە ژووری جلگۆڕین زۆر بە ئارامی هەندێ قسە بکات بە ڕووی هەر یاریزانێک».

«مۆرینیۆ ئەگەر بیویستایە قسە بکات شەرمی لە کەس نەدەکرد».

«ئەو ڕاشکاوانە دەیگوت ئێوە هیچ نیین، ئاستی ئەمڕۆتان سفر بوو».

«ئەگەر لە ئاستی منیش ڕازی نەبوایە، قسەی پێدەگوتم».

«دەیگوت زڵاتان تۆ تەنیا سفرێک بووی، هیچ شتت نەکرد».

«لەو جۆرە ڕەوشانەدا وەڵامیم دەدایەوە، داکۆکیم لەخۆم دەکرد، لەبەرئەوە نا کە لێی دەترسام، یان زیاد لە پێویست ڕێزم لێی دەگرت، بەڵام لەبەرئەوەی دەمزانی ئەو ڕاست دەکات، من هیچم نەکردووە».

«مۆرینیۆ مەبەستی ئەوەی دوێنی یان پێشی ئەو نەبوو کە کردوومە، مەبەستی ئێستا بوو، بۆیە دوای ئەوە دەیگوت ئێستا بڕۆ ناو یاریگە و یاری تۆپی پێ بکە».

«خەڵاتەکەت بدەرە دایکت»

«ڕۆژی یاری ئینتەرمیلان و ئاتالانتام لە خولی ئیتاڵیا زۆر باش لەبیرە».

«لە ڕۆژی پێش وەرگرتنی باشترین خەڵاتی باشترین یاریزانی بیانی و باشترین یاریزانی خولی ئیتاڵیا بوو لەو وەرزەدا».

«لە گێمی یەکەم بە دوو گۆڵی بێ وەڵام بە پاش کەوتین، لەنێوان دوو گێمەکدا مۆرینیۆ هاتە لام و گوتی: بەیانی خەڵات دەکرێی؟! پاشان دەستی بە پێکەنین کرد!».

«منیش هەر بە پێکەنین وەڵامم دایەوەو پێمگوت: بەڵێ».

«ئەمجارەیان پێیگوتم ئایا دەزانی کە ئەو خەڵاتەت وەگرت دەبێت چی بکەی؟».

«دەبێت شەرم لەخۆت بکەی، دەبێت بزانی تۆ هیچت نەکردووە، ناتوانی ئەو خەڵاتە وەرگری. تۆ بەمشێوەیە هیچ بەهایەکت نییە، دەبێت ئەو خەڵاتە بدەیتە دایکت، یان هەر کەسێکی دیکە کە لە تۆ زیاتر شایستەی بێت».

«مۆرینیۆ ئەوەی گوت و ئەوکات ئەو هەستەم هەبوو: باشە، پێت نیشاندەدەم من شایستەی ئەو خەڵاتەم، یان نا؟!».

«لەبەر خۆمەوە گوتم چاوەڕێ بکە تاوەکو گێمی دووەم دەستپێدەکات».

«گرنگ نییە ئایا هەستی بە تامی خوێن دەکرد لە دەمی، بەڵام پێی نیشاندەدەم من کێم، دەچمە نێو یاریگە بۆ ئەوەی دووبارە دەست بەسەر کەش و هەواکەدا بگرمەوە».

«ئەو شتانە بەردەوام لەگەڵ مۆرینیۆ ڕوویان دەدا، منی گەورە دەکرد، پاشان ورد و خاشی دەکردم، بە جۆرێک یاری بە یاریزانانی تیپەکە دەکرد کە تەنیا خۆی دەیزانی ئەوە بکات».

جوانترین لێدوانەکانی هەفتە

مێسی دەتوانێت لە کاتی یاریکردن لەناو یاریگەدا تەلەفۆنی هاوسەرەکەی وەڵام بداتەوەو گۆڵی بردنەوەش بۆ تیپەکەی تۆماربکات

سیزار مینۆتی

(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئەڵمانی)

لە ڕاستیدا تۆنی کروس یاریزانێکی نموونەییە،هێندەبەشێوازێکی ئیسپانی یاری دەکات زۆر زەحمەتە باوەڕ بکەی کە ئەوئەڵمانییە

زەینەدین زێدان

(ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید)

ئەو کاتەی مێسی واز لە یاریکردن دێنێت، بارسێلۆناش لە بەدەستهێنانی نازناوەکان دەوەستێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە مێسی چەندین ساڵی دیکەش دەتوانێت یاری بکات

پاکۆ خیمنێز

(ڕاهێنەری یانەی ڕایۆ ڤالیکانۆ)

شەرم و شوورەییە ڕیال مەدرید ڕکابەری لەسەر پلەی سێیەمی خولی ئیسپانیا بکات، چەند مایەی پێکەنینە یانەیەکی وەک ڕیال مەدرید بەڕێوەبەری وەرزشیی نەبێت

لیۆ بینهاکەر

(ڕاهێنەری پێشووی ڕیال مەدرید)

لەبیرمە کاتێک ڕاهێنەری ساوسهامبتۆن بووم، هەر کاتێ نوانکۆ کانۆحەزی لە مەشق نەبوایە، دەهاتە لای من و بە درۆ دەیگوت گەدەم ئازاری هەیە

هاری ڕێدناپ

(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئینگلیزی)

سەرۆکی نوێی فیفاش پیاوێکی گەندەڵ و خائینە، دوای ماوەیەک بۆ هەموو لایەک دەردەکەوێت کە ئەو پیاوەی بلاتە و پلاتینی لە گەندەڵییەکانیاندا دەستی هەبووە

دیێگۆ مارادۆ

(ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین)

رووداو وەرزشی
ژمارە (391) س... 2016/3/...

درۆیە

پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئێستای یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی و داهاتووی مانچستەر سیتی ئینگلیزی، هەموو ئەو هەواڵانە رەتدەکاتەوە کە باس لە رۆیشتنی مانوێل نویەری گۆڵپارێزی یانەی باڤاری بە یاوەری گواردیۆلا بۆ ریزەکانی یانەی مانچستەر سیتی دەکەن و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، بەهیچ شێوەیەک نویەر گرێبەست لەگەڵ مانچستەر سیتی ناکات، ئەو بایرن میونشنی زۆر خۆشدەوێت و هەر لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، نازانم چەند ساڵی دیکە یاری بۆ دەکات، لەوانەشە تاوەکو کۆتایی کاروانی وەرزشیی خۆی لەگەڵیدا بمێنێتەوە».

کۆدەکانی سەرکەوتنی لیستەر سیتی

لینیکەر: ئەگەر لیستەر سیتی پریمەرلیگ بباتەوە بەرنامەکەم بە جلی ژێرەوە پێشکەشدەکەم

چێنەر عەبدول قادر

«ئەگەر لیستەر سیتی خولی ئینگلیزی بباتەوە بەرنامەکەم بە جلی ژێرەوە پێشکەش دەکەم»، ئەمە وتەی گاری لینیکەری پێشکەشکاری بەرنامەی (ماچ ئۆف زە دەی)یە لە بی بی سی، ئەم وتەیەی لینیکەری لە کۆتایی 2015 لە تویتەر بڵاویکردەوە، بەڵام وادیارە نزیکە لەوەی ناوبراو بە فانیلەو شۆرتەوە لەسەر تی ڤی ببینین.

ئەوەی لیستەر سیتی لەم وەرزەی خولی ئینگلیزی دەیکات تاوەکو ئێستا لەمێژووی ئەو خولە روویندادوە، یانەیەک وەرزی پێشتر جەنگی مانەوە بکات، بەڵام وەرزی دواتر لەلوتکەی ریزبەندییە، کە بەجیاوازی 5 خاڵ لە پێش دووەمەوەیە؟!. دەبێ هۆکاری سەرکەوتنەکانی لیستەر چیبن؟ یەکێک دەڵێت خراپی یانەکانی دیکەیە، من دەڵێم باشی راهێنەرە، تۆ دەڵێت تەنیا بەختیان هەیە، بەڵام با واز لەفرێدانی قسە بێنین و بە داتاو ژمارە قسەبکەین بزانین هۆکاری ئەوە چییە لیستەر بە 29 هەفتە 60 خاڵی هەیە.

یاریکردنی خێرا:

لەهەموو خولەکانی ئەوروپا سەیربکە لە 5 یانەکەی لوتکەی ریزبەندی هیچ یانەیەک نابینیت هێندەی لیستەر سیتی تۆپی کەم لابێت، لەدەرەوە بێت یان یاریگەی خۆی، رێژەی کۆنترۆڵی تۆپ لەم یانەیە نزیکە لە 40% ئەمەش زۆر کەمە بۆ یانەیەک کە لەلوتکەی ریزبەندی پریمەرلیگ بێت، بەڵام ئەوە لە لاوازیەوە نییە، بەڵکو تاکتیکی کلاودیۆ رانیێریە کە تۆپ لای خۆیان ناهێڵنەوەو هەرکاتێک تۆپ دەگاتە بەر قاچیان زۆر بەخێرایی و بەتۆپی درێژ بۆ هێرشبەرانی هەڵدەدن.

* رێژەی کۆنترۆڵی تۆپ بەمشێوەیە: (لیستەر 41%)، (تۆتنهام 47%)، (ئارسناڵ 56%)، (مان سیتی 58%)، (مان یونایتد 58%).
* لیستەر 21%ی پاسەکانیان تۆپی درێژە بۆ پێشەوە کە نزیکەی 70 تۆپی درێژە لەیارییەکدا.
* بەرێژەیی نزیکەی 226 پاسی کورتیان هەیە لەیارییەکدا کە ئەمەش لەهەموو یانەکانی پریمەرلیگ کەمترە.
* 38%ی پاسەکانی لیستەر بۆ ناوچەی سزای تیپی بەرامبەر یان نزیک ناوچەی سزایە کە زۆرترینە لە خولەکە.

هێرشی هەڵگەڕاوە تەنیا لە ناوەندەوە

رانیێری لەم وەرزەی پریمەرلیگ بە تاکتیکێکی زۆر سادەو ئاسان یاریدەکات، بەشێوازی کلاسیکی 4 ـ 4 ـ 2 یاریزانەکانی رێکخستووە بەرگری لەیاریگەی خۆی دەکات و پشت بەهێرشی هەڵگەڕاوە دەبەستێت، بەجۆرێک کە هەردوو یاریزانی باڵی راست و چەپی بەرگری لە هێرشبردن بەشداری ناکەن، هەروەها دوو یاریزانی ئیرتیکازی هەیە بەس بۆ وەرگرتنی تۆپ، کاتێکیش تۆپ وەردەگرن بەخێرایی تۆپی درێژ بۆ پێشەوە دەنێرن بەتایبەتی ڤاردی یان مەحرز، ئەمەش چەند داتایەکە لەسەر هیرشبردنی یانەکە.

* 42%ی شوتەکانیان لەناوەڕاستی هێڵی سزای تیپی بەرامبەرەوەیە.
* 58%ی شوتەکانیان نزیکە لە ناوەڕاستی یاریگەوە.
* 0%ی شوتەکانیان لە باڵەکانەوەیە.

کەمترین گۆڕانکاری!

هەندێک دەڵێن لیستەر سیتی لەوەدا بەختی هەیە کە یاریزانە باشەکانی تووشی پێکان نابن، ئەگەر سەیری ژمارەکانی ئەم وەرزەی پریمەرلیگ بکەین کەمترین گۆڕانکاری لەتیپی لیستەر سیتیدا دەبینین، تەنانەت هەندێجار بۆ 5 یان 6 یاری رانیێری یەک پێکهاتەی هەبووە ئەمەش وایکردووە یاریزانانی تەواو لێکگەیشتنیان هەبێت، بۆ نموونە لە 20 یاری رابردووی یانەکەدا لە 19 یاریاندا ریاز مەحرز و دانی سیمپسن لەباڵی راست بەیەکەوەبوون ئەمەش لێکگەیشتنی زۆر دروست دەکات.

بێگومان نابێت ئەوەمان بیربچێت کە بەپێچەوانەی تیپەکانی دیکەی سەرووی ریزبەندی، لیستەر لە خولەکانی دیکەی ئەوروپادا یاری ناکات و لەهەردوو جامی ئینگلتەرا هەرزوو ماڵئاواییکرد ئەمەش سوودی بۆ یانەکە هەیە و پشووی زیاتر وەردەگرن.

* ئێستا تا کۆتایی وەرزەکە یانەکانی لوتکەی ریزبەندی بەژمارە ئەوەندە یاریان ماوە ئارسناڵ 20 یاری، تۆتنهام 16 یاری، مان سیتی 16 یاری و لیستەر سیتی 9 یاری.

کەسایەتی رانیێری

«هاندەران لەسەر رێگا رامدەگرن و پێمدەڵێن هاندەری یانەیەکی دیکەن، بەڵام دڵخۆشن کە لیستەر نازناوەکە بباتەوە». ئەمە وتەی رانیێری راهێنەری یانەکەیە کە لەلایەن هاندەرانی یانە جیاوازەکانەوە خۆشەویستی بۆ دەردەبڕن.

هیچ گومانێک نییە کە ئەم پیاوە ئیتاڵییە هۆکاری گەورەی سەرکەوتنەکانی یانەکەیەتی، کە وایکردووە یاریزانەکانی بە گیانێکی فیداکاری یاری بکەن و تاکتیکی راهێنەرەکەیان جێبەجێ بکەن. رانیێری لەسەر ئامادەکاریەکانی هەفتانەی تیپەکەی دەڵێت «کورەکانم مەشقی زۆر دەکەن، بەڵام هەموو رۆژێک نا، لە ئینگلتەرا یاریکردنی چالاکییەکی زۆر زۆرەو یاریزان زۆر ماندوو دەکات، بۆیە کاتی زیاتریان پێویستە بۆ پشوودان». پاشان ناوبراو زیاتر باس لە بەرنامەی تیپەکەی دەکات و دەڵێت «کاتێک شەممە یاری دەکەین یەک شەممە دەکەینە پشوو، دووشەممە بە مەشقێکی زۆر کەم دەستپێ دەکەینەوە بەهەمان شێوەی کە لە ئیتاڵیا دەیکەین، سێشەممە مەشقی زۆر قورسە و چوارشەممە مەشقی جیاواز دەکەین و پێنج شەممە مەشقێکی قورستر و هەینی ئامادەکاری دەکەین بۆ یاری داهاتوو». ئەوەی کە بەلای رانیێریەوە گرنگبێت دەبێت یاریزانەکانی هەفتانە دوو رۆژ پشوویان هەبێت.

ئەوانەی سەرەوە بەشێکن لەو هۆکارانەی وایکردوە کە لیستەر سیتی ئاستێکی زۆر جیاواز پێشکەش بکات و هەموو ئەوروپا بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات، لیستەر سیتی ئەو بیرکردنەوەیەی بەدرۆخستەوە کە لەم سەردەمەدا بەس بەسەرفکردنی سەدان ملیۆن دۆلار تیپێکی بەهێزت دەست دەکەوێت، بەڵکو رانیێری بە یانەیەک کە نرخی هەموویان نزیکەی 20 بۆ 30 ملیۆن یۆرۆیە رکابەری سەدان ملیۆنی مان سیتی، مان یونایتد و چێڵسی و یانەکانی دیکە بکات.

...ۆرینیۆ بە شەیتان واتە:

...نی هیگواین و ...شتنی رۆنی

...وەرزشی ـ MU4

...سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی بەریتانیا ئاشکرایان کرد کە ...اری خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پورتوگالی لەدوای بوونی ...ری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، گرێبەستکردن ...گەڵ گۆنزالۆ هیگواینی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، لەگەڵ ...ی واین رۆنی ئەستێرەی ئینگلیزی.

...گوێرەی ئەو سەرچاوانە، ئەگەر بەرپرسانی مانچستەر ... دوا بڕیاریان لەسەر مۆرینیۆ داو پۆستی راهێنەرایەتی ...یان رادەستکرد، ئەوە یەکەم کاری مۆرینیۆ بەپێی ئەو ...ی کە بۆ سەرپەرشتیکردنی مانچستەر یونایتد دایناوە، ...ی دەبێت لە کڕینی گۆنزالۆ هیگواین لە یانەی ناپۆلی ...ڵی و دەڵێن "مۆرینیۆ بڕی 80 ملیۆن یۆرۆ بۆ کڕینی ...گواین تەرخان دەکات، چونکە پێیوایە مانچستەر یونایتد ...ر لە هەموو شتێک پێویستی بە گۆڵکارێکی ...رسێنەر هەیە، ئەو هێرشبەرە ئەرجەنتینییەش ...بەبۆچوونی مۆرینیۆ یەکێکە لە باشترین گۆڵکارانی ئێستای ئەوروپا". ئەو سەرچاوانە باس لەوەش دەکەن کە دەستنیشانکردنی هیگواین لەلایەن مۆرینیۆوە بۆ ئەوەی بکاتە سەرەڕمی هێڵی هێرشبردن لە یانە نوێیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر مۆرینیۆ لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی سەرپەرشتی هیگواینی کردووەو ئەو هێرشبەرە بێجگە لە تواناکانی لە گۆڵکردن زۆر گوێڕایەلی فەرمانەکانی مۆرینیۆشە.

گرێبەستکردنی مانچستەر یونایتد لەگەڵ هیگواین بەشێکی زۆری هاندەرانی یانەی شەیتانە سوورەکان دڵخۆش دەکات، بەڵام بێگومان دەبێتە مایەی نیگەرانیش بۆ بەشێک لە هەوادارانی ئەو یانەیە، چونکە وەک سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان باسی دەکەن "هاتنی هیگواین بۆ مانچستەر یونایتد واتە رۆیشتنی واین رۆنی ئەستێرەی ئینگلیزی لەو یانەیە، چونکە ئەو هەرگیز رازی نابێت ببێتە یەدەگی هیگواین". هەروەها دەشڵێن "رۆنی دەچێتە خولی ئەمریکی یان چینی".

... ئامادەیە بە 60 ملیۆن یۆرۆ بیفرۆشێت..

...های رۆناڵدۆ 10 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە

رووداوی وەرزشی ـ REAL4EVER

ژمارەکان درۆ ناکەن و ئامارەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە کاروانی ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەرەو لێژبوونەوەیە، لەگەڵ گەیشتنی بە تەمەنی 31 ساڵی، چونکە رۆناڵدۆ لەوەتەی هاتووەتە ریال مەدرید 7 ساڵ پێش ئێستا، خراپترین وەرز بەڕێدەکات، سەرەڕای تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر گۆڵ. ئەوەش بووەتە هۆکاری دابەزینی بەهای لە بازاڕدا.

رۆژنامەی ASی ئیسپانی باس لەوە دەکات، بەهای رۆناڵدۆ لە سەرەتای ئەو وەرزەوە بە رێژەی 10 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە، ئەوەش بۆ دابەزینی ئاستی لەگەڵ ریال مەدرید لەو ماوەی دواییدا دەگەڕێتەوە. دابەزینی ئاستی رۆناڵدۆ بووە هۆی زوو دوورکەوتنەوەی ریال مەدرید لە ململانێکردن لەسەر نازناوی لالیگا، کە ئێستا لە پلەی سێیەمە بە جیاوازی 12 خاڵ لە بارسێلۆنای یەکەم.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنیش رایگەیاند "لەبەرئەوەی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید دابەزینی ئاستی رۆناڵدۆ بووە هۆی زوو دوورکەوتنەوەی ریال مەدرید لە ململانێکردن..." لالیگا، کە ئێستا لە پلەی سێیەمە...

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنیش رایگەیاند "لەبەرئەوەی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید، بڕیاری داوە بیفرۆشێت ئەگەر کێشەکانی ناو ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدە، بڕیاری داوە بیفرۆشێت ئەگەر کێشەکانی ناو ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدە، بڕیاری داوە بیفرۆشێت ئەگەر

پێیوایە رۆناڵدۆ هۆکاری کێشەکانی ناو ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدە، بڕیاری داوە بیفرۆشێت ئەگەر دەستەوارەیەکی 60 ملیۆن یۆرۆیی بۆ کڕینی رۆناڵدۆ پێیبگات".

رۆناڵدۆ لەوەتەی لە ساڵی 2009 هاتووەتە ریال مەدرید تەنیا یەکجار نازناوی لالیگای بەدەستهێناوە، ئەویش لە وەرزی 2011 ـ 2012 بوو. چەندین بەڵگە دابەزینی ئاستی رۆناڵدۆ دەسەلمێنن. لەم وەرزەدا دوای تێپەڕبوونی 28 گەڕ لە لالیگا رۆناڵدۆ 27 گۆڵی تۆمارکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری جارانی نەماوە، رێژەی کارایی گەیشتووەتە 14% بەرامبەر بە 22% لە وەرزی رابردوو. لەم وەرزەدا دۆن پێویستی بە 7 لێدانە بۆ گۆڵ تاوەکو گۆڵێک تۆمار بکات. رێژەی شووت لێدانیشی بۆ گۆڵ لەم وەرزەدا دابەزیوە، کە تەنیا 2.58 شووت لێدانە بۆ گۆڵ لە یەک یارییدا.

گرەو لەگەڵ هەموو ئەوانە دەکەم کە دەڵێن نەیمار دەچێتە ریال مەدرید. بەڵێن دەدەم ئەگەر نەیمار یاری بۆ ریال مەدرید بکات قاچی خۆم دەبڕم

جیرارد پیکێ
(بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا)



یاری پێڵێم نەبینیوە تاوەکو بڵێم لە مێسی باشترە. حەزدەکەم قاچی چەپی لیۆنێل مێسیم هەبێت نەک قاچی راستی کریستیانۆرۆناڵدۆ

نەیمار دا سیلڤا
(کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل)

ریال مەدرید وەک بەرازیلە. لەبەرئەوەی هەردووکیان گەورەترینن. هەر کاتێ بدۆڕێن، دۆڕانەکانیان گەورە دەکرێن

ریکاردۆ کاکا
(یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل)

ئەگەر هەموو یاریزانانی بارسێلۆنا وەک مێسی بوانا، ئەوا بارسا بەر لە دەستپێکردنی وەرز هەموو نازناوەکانی دەبردەوە

لویس ماسکارۆ
(رۆژنامەنووسی بەناوبانگی کەتالۆنی)



ئەو کاتەی لە فەرەنسا بووم لیستەر سیتیم نەدەناسی. کە گوێم لە ناوەکەی دەبوو وامدەزانی یانەیەکی رەکبیبە نەک تۆپی پێ

ریاز مەحرز
(ئەستێرەی یانەی لیستەر سیتی)

من بە هەموو شێوەکان گۆڵم تۆمارکردووە. بەڵام خەونی من ئەوەیە دوای یاریکردن بە 11 یاریزان گۆڵێک تۆمار بکەم

کریستیانۆ رۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)

رووداو وەرزشی
ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

مسۆگەر نییە

رۆی هۆدسۆنی راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا هاندەرانی هەڵبژاردەی 3 شێرەکانی تووشی شۆک کرد، کاتێک رایگەیاند کە بەشداریکردنی واین رۆنی ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتد لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە یۆرۆی 2016 مسۆگەر نییە و گوتی «ناتوانم بەڵێنی ئەوە بە رۆنی بدەم کە شوێنی ئەو لەنێو پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بۆ بەشداریکردن لە یۆرۆی 2016 مسۆگەرە، چونکە پێویستە لە پێکانەکەی چارەسەر بێت و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، من ناتوانم یاریزانێکی نا ئامادە ببیەمە یۆرۆ».

سەیر و سەمەرە!!

پزیشکێک رێکلام بە ددانەکانی سوارێز دەکات، خەڵاتی یاریزانێکیش مزگەوتێک بوو

ئا: رەمزی میرەکانی

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

1 لە ترسی وانەی کیمیا بێدەنگ بوو

مارکۆس راشفۆردی هێرشبەری لاوی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ئارسنال لە پریمەرلیگ 2 گۆڵی تۆمارکرد. بەمەش بووە یەکێک لە بچووکترینی ئەو هێرشبەرانەی لە مێژووی پریمەرلیگدا، لەو خولەدا گۆڵیان تۆمارکردووە. هەتا لێرە ئاسایە بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەوەبوو کە دوای تەواوبوونی یارییەکە راشفۆرد رازی نەبوو هیچ لێدوانێک بۆ رۆژنامەنووسان بدات، بەبیانووی ئەوەی نەنجامدانی تاقیکردنەوە لە وانەی کیمیا کاتی بەهۆی ئەنجامدانی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەو تاقیکردنەوەیە دواتر لەسەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لە توێتێک لە توێتەر وەڵامیانی دایەوە و نامەباران کرا، راشفۆرد بە توێتێک لە توێتەر وەڵامیانی دایەوە و نووسی «هەموو دەپرسن تاقیکردنەوەی کیمیام چۆن بوو، بێیاری دەڵێم زۆر قورس بوو، زۆر نیگەران بووم، ئەوەم بەسەر نەهات کە بۆ یەکەمجار یارییم کرد، هەتا ئەو کاتەی گۆڵیشم تۆمارکرد، بۆیە قسەم نەکرد».

2 رێکلامکردن بەناوی مێسی و سوارێز

پزیشکێکی ددانی ئیسپانی ناوبانگی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل مێسی یاریزانی بارسێلۆنا و هاوڕێیەکەی لویس سوارێزی قۆستەوە و کردینیە رێکلامێکی تایبەت بۆ خۆی.

ئەو پزیشکە ئیسپانییە چەند هەڵواسراوێکی رێکلامی تایبەت بەخۆی بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی نەخۆش و ئەو کەسانە بۆ نۆرینگەکەی راکێش بکات، کە دەیانەوێ ددانیان بەهێز بکەن. پزیشکەکە لەسەر هەڵواسراوەکان نووسیبوو «ناتوانم وات لێبکەم وەک لیۆنێل مێسی یاری بکەی، بەڵام دەتوانم وات لێبکەم وەک سوارێز گاز بگری». لویس سوارێز، بە گازگرتن لە یاریزانان ناوبانگی دەرکرد بوو بە لەوەی بچێتە بارسێلۆنا، ئەو کاتەی لە ریزەکانی ئەجاکسی هۆڵەندی و لیڤەرپوولی ئینگلیزی بوو، هەتا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆرۆگوایش.

3 خەڵاتەکەی مزگەوتێک بوو

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی پەردەیان لەسەر نهێنی ئەو بڕیارە هەڵدایەوە، کە کارگێڕی یانەی بی ئێس ئایندۆڤنی هۆڵەندی چەند ساڵێک پێش ئێستا داوەکەی ئەویش دابینکردنی ژوورێکە بۆ نوێژکردن لە نێو یاریگەی فیلیپس ستادیۆمی تایبەت بە یانە هۆڵەندییەکە.

راپۆرتەکان ئاشکرایان کردووە، یانەکە ئەو کارەکەی کردووە ئەو کاتەی یاریزانی ئیڤواری، ئەرونا کۆنی هێرشبەری ئێستای یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی لە ساڵانی 2005 تاوەکو 2007 لە ریزەکانی یانە هۆڵەندییەکە یاری دەکرد. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆنی زۆر پابەندی روکنەکانی ئایینی ئیسلام بوو و نوێژەکانی لەکاتی خۆی دەکرد، ئەمەش کارگێڕی یانەکەی ناچارکرد ژوورێکی تایبەت بۆ نوێژکردن بۆ کۆنی دابین بکات و بەشێوەیەکی باش ئامادەی بکات، بۆ ئەوەی روکنی یەکەمی موسڵمانانی تێدا ئەنجام بدرێت.

کاسیاس و پیکێ گاڵتە بە یەکدی دەکەن

کاسیاس: یاریزانانی بارسا لە شەوی فینالی چامپیۆنسلیگدا چپس و ساردەمەنی دەخۆن

پیکێ: کاسیاس هێندە رەزیلە ئامادە نییە پارەی ئەو چپس و ساردەمەنییەش بدات

رووداوی وەرزشی ـ LALIGA4EVER

ئیکەر کاسیاس، گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی پۆرتۆی پورتوگالی گاڵتە بە جیرارد پیکێی هاوڕێی لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا کرد، دوای ئەوەی پیکێ لەبارەی پێشبینی گەیشتنی ئەو دوو یانەیەی دەگەنە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ پرسیاری لێکرد.

کاسیاس، لەسەر لاپەڕەی فەرمی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، داوای لەو کەسانە کرد کە بەدواداچوونی بۆ دەکەن پرسیاری ئاراستە بکەن، بۆ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە، بۆیە پیکێی بەرگریکاری بارسێلۆنا رکابەری سەرسەختی ریال مەدریدی تیپی پێشووی کاسیاس، پرسیارێکی تایبەتی ئاراستەی ئیکەر کرد، کە پێشبینی ئەو چییە لەبارەی ناسنامەی ئەو دوو تیپەی دەگەنە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ بۆ وەرزی ئێستا؟. پیکێ پرسیارەکەی بەمشێوەیە لە کاسیاس کرد «پێشبینیت بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ چییە؟». کاسیاس بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دایەوەو بۆی نووسی «بەیەکەوە لە کەمپی مەشقی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەیبینین لەو کاتەی چپس و ساردەمەنی دەخۆین». کە کاسیاس مەبەستی بوو بە پیکێ بڵێت «بەنیاز مەبە بارسێلۆنا بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ». بۆیە پیکێش بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دەداتەوەو بۆی دەنووسێت «ئەگەر تۆ پارەکەی بدەی ئەو دەستکەوتە لە بردنەوەی چامپیۆنسلیگ گرنگترە». مەبەستی پیکێش ئەوەبوو کە کاسیاس پیاوێکی رەزیلە و هەرگیز پارە لە هاوڕێکانی خەرج ناکات.

هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ریال مەدرید بە هەنگاوی جێگیر لە چامپیۆنسلیگ هەنگاو دەنێن، ریال مەدرید لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بە ئەنجامی 2 ـ 0 گۆڵ لە یانەی رۆمای ئیتاڵی بردووەتەوە لە یاری چووندا، بارسێلۆناش بە هەمان ئەنجام و لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی بردووەتەوە، بەمەش هەردوو یانە زۆر نزیکن لەوەی بگەنە قۆناخی هەشتی پاڵەوانیەتییەکە.

«سەردەمێک هەر کەسێک تۆپی پێی بکردایە بەند دەکرا»

ئەوکاتەی تۆپی پێ لەندەنی بێزار کردبوو

ئا: رووداوی وەرزشی

702 ساڵ دەگەڕێینەوە دواوە، بۆ ئەوەی باسی سەردەمێکی مێژوویی لە جیهانی وەرزش بکەین، دەڵێن وەرزش لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکەی بەهێز لە شارەکانی بەریتانیا بەربڵاوبوو. لە 1314/2/13 پاشای بەریتانیا ئێدواردی دووەم، فەرمانێکی شاهانەی بە قەدەخەکردنی تۆپی پێ دەرکرد.

دەڵێن ئەو وەرزشە لەمێژە ئەنجام دەدرێت، هەتا پێش زایینیش، تاوەکو ساڵی 1863 هات، کە هەندێ یاسای بۆ دانرا و کەمێک شێوەی تۆپی پێی ئێستای وەرگرت، کە بە جەماوەریترین یاری لە جیهان دادەنرێت. ئەگەر باسی چیرۆکەکە بکەین، بەڵگە و گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی 1175ەوە تۆپی پێ لە ئینگلتەرا ئەنجام دەدرێت، بە گوێرەی بۆوچونی نووسەر دێڤید گۆڵدبلات بێت، کە لە کتێبەکەی بەناونیشانی «تۆپی خڕ» باسی مێژووی جیهانیی تۆپی پێ دەکات. نووسەر لە گەواهیدەرێکی گواستووەتەوە، کە لەو سەردەمە زووەی یاری تۆپی پێ ژیاوە و دەڵێت «لاوان وەرزشیان دەکرد لە وڵات، تۆپێکی زۆر گەورەیان پاڵ دەنا، بە هاویشتنی نا بۆ ئاسمان، بەڵکو بەهۆی لێدانی بە قاچەکان و گلۆرکردنەوەی لەسەر زەوی، بۆ ئەمە دەستەکانیشیان بەکاردەهێنا». دەشڵێن ئەو یارییە زۆر توند بوو، یارییەکان بەشێوەیەکی سەیر ئەنجام دەدران، گەواهیدەرەکە لەم بارەوە دەڵێت «یاریزانەکان رقیان لە یەکدی دەبووەوە و رووداوی زۆر رووی دەدا، کە هەندێجار دەگەیشتە جۆرێک لە زیان (لەوانەیە مەبەستی حاڵەتی مردن بێت). بێجگە لەوەی لە زۆربەی ئەو یارییانە سەرکۆنە دەکران، بە کردەوە وەرزش نەبوو».

لە ساڵی 1300 جەماوەریەتی وەرزش لە لەندەن زیادیکرد، بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆڵانەکان گەشەی دەکرد، بازرگانی بازاڕەکان تووڕە دەبوون، چونکە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری بۆ سەر بازرگانییەکەیان هەبوو زیانی پێدەگەیاند. لەسەر زاری پارێزگاری لەندەن دەگێڕنەوە کە دەڵێت «هەرایەکی زۆر لە شار، ژاوە ژاوێکی زۆر لە تۆپی پێ پەیدا دەبوو، دەنگی جەماوەری ئامادەبووش بەرزدەبووەوە، کە هۆشداریی سەرهەڵدانی کێشەی زۆری لێدەکرا». بۆیە ئێدواری دووەم گوێی لە سکاڵاکان گرت و گوتی «هەر کەسێک ئەو یارییە دەرچووە لە ئایین ئەنجام بدات لە نێو شواری شاردا، راستەوخۆ دەنێردرێتە بەندیخانە».

خشتەی یارییەکانی هەفتە

خولی ئیسپانیا (هەفتەی 29)

هەینی 2016/3/11

مەلەگە - خیخۆن	10:30

شەممە 2016/3/12

بارسێلۆنا - گیتافی	06:00
سێلتافیگۆ - ریال سۆسیداد	08:15
ئەتلەتیکۆ مەدرید - دیپۆرتیڤۆ	10:30
رایۆ ڤالیکانۆ - ئیبار	12:05

یەکشەممە 2016/3/13

لیڤانتی - ڤالنسیا	02:00
سڤیلیا - ڤیاریال	06:00
ئەتلەتیک بلباو - ریال بیتیس	08:15
لاس پالماس - ریال مەدرید	10:30

دووشەممە 2016/3/14

گرانادا - ئیسپانیۆل	10:30

یانە	خاڵ
1 ـ بارسێلۆنا	72
2 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید	64
3 ـ ریال مەدرید	60
4 ـ ڤیاریال	53
5 ـ سڤیلیا	45
6 ـ ئەتلەتیک بلباو	44
7 ـ سێلتافیگۆ	42
8 ـ ئیبار	36
9 ـ ریال سۆسیداد	35
10 ـ ڤالنسیا	34

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ رۆناڵدۆ	ریال مەدرید	27
2 ـ سوارێز	بارسێلۆنا	26
3 ـ مێسی	بارسێلۆنا	21
4 ـ بنزیمە	ریال مەدرید	19
5 ـ نەیمار	بارسێلۆنا	18

چامپیۆنسلیگ
10:45
سێشەممە 8/3/2016
ریال مەدرید - رۆما

چامپیۆنسلیگ
10:45
چوارشەممە 9/3/2016
چێلسی - پاریس سانجێرمان

یۆرۆپالیگ
09:00
پێنجشەممە 10/3/2016
بورۆسیا دۆرتمۆند - تۆتنهام

یۆرۆپالیگ
11:05
پێنجشەممە 10/3/2016
لیڤەرپوول - مانچستەر یونایتد

یۆرۆپالیگ (قۆناخی 16)

پێنجشەممە 2016/3/10

شاختار - ئەندەرلەخت	09:00
بازل - سڤیلیا	09:00
بورۆسیا دۆرتمۆند - تۆتنهام	09:00
فەنەربەخچە - سپۆرتینگ براگا	09:00
ڤیاریال - بایرلیڤەرکۆزن	11:05
ئەتلەتیک بلباو - ڤالنسیا	11:05
لیڤەرپوول - مانچستەر یونایتد	11:05
سپارتا براگ - لازیۆ	11:05

خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 30)

شەممە 2016/3/12

تۆرویچ سیتی - مانچستەر سیتی	03:45
مانچستەر یونایتد - کریستال پالاس	06:00
سەندەرلاند - ئێڤەرتۆن	06:00
ستۆک سیتی - ساوسهامتۆن	06:00
بۆرنیمۆس - سوانزی سیتی	06:00
وێستهام - واتفۆرد	06:00
ئارسنالّ - وێست برۆمیچ	08:30

یەکشەممە 2016/3/13

ئەستۆن ڤێلا - تۆتنهام	07:00
لیڤەرپوول - چێلّسی	07:00

دووشەممە 2016/3/14

لیستەر سیتی - نیۆکاسڵ	11:00

یانە	خاڵ
1 ـ لیستەر سیتی	60
2 ـ تۆتنهام	55
3 ـ ئارسنالّ	52
4 ـ مانچستەر سیتی	50
5 ـ وێستهام	49
6 ـ مانچستەر یونایتد	47
7 ـ لیڤەرپوول	44
8 ـ ستۆک سیتی	43
9 ـ ساوسهامپتۆن	41
10 ـ چێلّسی	40

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ ڤاردی	لیستەر سیتی	19
2 ـ لۆکاکۆ	ئێڤەرتۆن	18
3 ـ کەین	تۆتنهام	17
4 ـ ئەگوێرۆ	چێلّسی	16
5 ـ محرز	لیستەر سیتی	15

خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 26)

هەینی 2016/3/11

هێرتا بەرلین - شاڵکە	10:30

شەممە 2016/3/12

هانۆڤەر - کۆڵن	05:30
مونشنگلادباخ - فرانکفۆرت	05:30
دارمشتات - ئوگسبۆرگ	05:30
ئینگۆلشتات - شتۆتگارت	05:30
هۆفنهایم - فۆلفسبۆرگ	05:30
بایرن میونشن - ڤێردەربرێمەن	08:30

یەکشەممە 2016/3/13

بایرلیڤەرکۆزن - هامبۆرگ	05:30
بورۆسیا دۆرتمۆند - ماینز	07:30

یانە	خاڵ
1 ـ بایرن میونشن	63
2 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند	58
3 ـ هێرتا بەرلین	42
4 ـ شاڵکە	41
5 ـ ماینز	40
6 ـ مونشنگلادباخ	39
7 ـ فۆلفسبۆرگ	37
8 ـ بایرلیڤەرکۆزن	36
9 ـ ئینگۆلشتات	32
10 ـ هامبۆرگ	31

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ لیڤاندۆڤسکی	بایرن میونشن	23
2 ـ ئۆبامیانگ	بورۆسیا دۆرتمۆند	22
3 ـ مۆلەر	بایرن میونشن	17
4 ـ چیچاریتۆ	بایرلیڤەرکۆزن	14
5 ـ مایێر	فرانکفۆرت	12

پێنجشەممە 2016/3/10

ئارارات - شێروانە	03:00
کەرکووک - هەندرێن	03:00
زاخۆ - هەولێر	03:00

خولی فەرەنسا (هەفتەی 30)

هەینی 2016/3/11

مۆناکۆ - ریمس	10:30

شەممە 2016/3/12

لۆریان - مارسیلیا	07:00
باستیا - لیل	10:00
گانگۆن - سانت ئیتیان	10:00
مۆنپێلیە - نیس	10:00
تۆلۆز - بۆردۆ	10:00
ئەجاکسیۆ - کان	10:00

یەکشەممە 2016/3/13

تروا - پاریس سانجێرمان	04:00
نانت - ئەنجی	07:00
رین - لیۆن	11:00

یانە	خاڵ
1 ـ پاریس سانجێرمان	74
2 ـ مۆناکۆ	51
3 ـ لیۆن	45
4 ـ نیس	44
5 ـ رین	44
6 ـ کان	43
7 ـ سانت ئیتیان	42
8 ـ نانت	40
9 ـ ئەنجی	39
10 ـ لۆریان	38

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ ئیبراهیمۆڤیچ	پاریس سانجێرمان	23
2 ـ پاتشوای	مارسیلیا	13
3 ـ کاڤانی	پاریس سانجێرمان	12
4 ـ لاکازیتی	لیۆن	12
5 ـ موکاندچۆ	لۆریان	12

خولی کوردستان (هەفتەی 11)

(گرووپی یەکەم)

یانە	خاڵ
1 ـ هەولێر	17
2 ـ شێروانە	14
3 ـ زاخۆ	12
4 ـ کەرکووک	12
5 ـ ئارارات	10
6 ـ زێرەڤانی	10
7 ـ هەندرێن	9

(گرووپی دووەم)

یانە	خاڵ
1 ـ پێشمەرگەی هەولێر	18
2 ـ دهۆک	17
3 ـ گارە	16
4 ـ برایەتی	13
5 ـ نەورۆز	12
6 ـ سۆلاف	2

خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 29)

هەینی 2016/3/11

یوڤانتۆس - ساسۆلۆ	10:45

شەممە 2016/3/12

ئیمپۆلی - سامپدۆریا	08:00
ئینتەرمیلان - بۆلۆنیا	10:45

یەکشەممە 2016/3/13

کیێڤۆ - میلان	02:30
کارپی - فرۆزینۆنی	05:00
ئۆدینێزی - رۆما	05:00
جێنەوا - تۆرینۆ	05:00
فیۆرەنتینا - ڤیرۆنا	05:00
لازیۆ - ئاتالانتا	10:45
پالێرمۆ - ناپۆلی	10:45

یانە	خاڵ
1 ـ یوڤانتۆس	64
2 ـ ناپۆلی	61
3 ـ رۆما	56
4 ـ فیۆرەنتینا	53
5 ـ ئینتەرمیلان	51
6 ـ میلان	47
7 ـ ساسۆلۆ	44
8 ـ لازیۆ	38
9 ـ بۆلۆنیا	36
10 ـ کیێڤۆ	34

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ هیگواین	ناپۆلی	26
2 ـ دیبالا	یوڤانتۆس	13
3 ـ باکا	میلان	13
4 ـ کالینیچ	فیۆرەنتینا	12
5 ـ ئیدێر	ئینتەرمیلان	12

چامپیۆنسلیگ (قۆناخی 16)

سێشەممە 2016/3/8

فۆلفسبۆرگ (ئەڵمانیا) - جینیت (بەلجیکا)	10:45
ریال مەدرید (ئیسپانیا) - رۆما (ئیتاڵیا)	10:45

چوارشەممە 2016/3/9

زینیت (رووسیا) - بەنفیکا (پورتوگال)	08:00
چێلّسی (ئینگلتەرا) - پاریس سانجێرمان (فەرەنسا)	10:45

گۆڵکاران	یانە	گۆڵ
1 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ	ریال مەدرید	12
2 ـ رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی	بایرن میونشن	7
3 ـ تۆماس مۆلەر	بایرن میونشن	6
4 ـ ئارتیم دزوبیا	زینیت	6
5 ـ لیۆنێل مێسی	بارسێلۆنا	5

خولی ئیتاڵیا
10:45
هەینی 11/3/2016
یوڤانتۆس - ساسۆلۆ

خولی ئیسپانیا
06:00
یەکشەممە 13/3/2016
سڤیلیا - ڤیاریال

خولی ئەڵمانیا
08:30
شەممە 12/3/2016
بایرن میونشن - ڤێردەربرێمەن

خولی ئینگلتەرا
11:00
دووشەممە 14/2/2016
لیستەر سیتی - نیۆکاسڵ

رووداو وەرزشی
گۆڵپارێزە
ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان گرتەیەکی ڤیدیۆیی مەشقەکانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا دۆگلاس کۆستای یاریزانی بەرازیلی ئەو یانەیە هەمووان تووشی سەرسوڕمان دەکات بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە مەشقەکاندا پێشکەش دەکات، بەڵام وەک گۆڵپارێز نەک یاریزان. لەو گرتەیدا دەردەکەوێت کە کۆستا وەک گۆڵپارێزێکی بەتوانا زۆربەی ئەو لێدانانە دەگێڕێتەوە کە هاوڕێکانی ئاراستەی گۆڵی دەکەن. هەندێک نووسیویانە «ئەگەر مانوێل نویەر و گۆڵپارێزە یەدەگەکەیشی تووشی پێکان بن، بایرن میونشن بەبوونی کۆستا هیچ کێشەیەکی لە گۆڵپارێزی نابێت».

رێبوار محەممەد

دەکرێ شکستەکە ببێتە موژدە

شکستی یانە کوردستانییەکان لە خولی نایابی عێراق و سەرنەکەوتنیان بۆ قۆناخی کۆتایی ئەو خولە، بە تایبەت یانەی زاخۆ کە لە دوا خولەکەکانی قۆناخی یەکەمدا سەرکەوتنی لەدەستدا، جێگەی نیگەرانی بوو.

یانە کوردستانییەکان کە ئەمساڵ بە سێ نوێنەر لە خولەکەدا بەشداربوون، دووانیان لە رکابەریدا مانەوە کە هەولێر و زاخۆ بوون، ئەویدیکەیان کە دهۆک بوو هەر زوو پاشەکشەی کرد و دەستی لە رکابەری هەڵگرت.

سەرنەوکەتنی هیچ کام لە یانەکانی باشووری کوردستان وێڕای ئەوەی کە هاندەرانی ئەو یانانەی بەتەواوی تورەکرد، بە تایبەت هاندەرانی یانەی زاخۆ کە زۆر ئامادەبوون بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەرکەوتنیان بۆ قۆناخی کۆتایی، بێئومێدی لای ئەوان گەیاندە لوتکە، بەڵام دەکرێ ئەم رووداوانە بەدیوێکی دیکەدا مایەی دڵخۆشی بن.

یانەی هەولێر کە هەر لەسەرەتاوە ئامانجی خۆی بە تەنیا بەشداریکردن لە خولەکەدا دەستنیشانکرد، هەنگاوی باشی بڕی، ئەوەی بووە هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی هەولێر، بەبڕوای من دۆڕانی نەبوو بەرامبەر زاخۆ، بەڵکو لەدەستدانی خاڵە ئاسانەکان بوو لە یارییەکانی سەرەتای خولەکەدا، بە تایبەت لە یارییەکانی ناو یاریگەی خۆیدا.

دهۆکیش هەر زوو پاشەکشەی کرد و خۆی دایە دەست قەدەری بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کە یانەکەیان بۆ خولی پلە یەک دابەزاند.

ئەوەی دەکرێ لەو دۆخەدا مایەی دڵخۆشی بێت و ببێتە موژدە، دەرکەوتنی یاریزانانی کورد و لاوەکانی یانەکانی کوردستان بوو لە وەرزی ئەمساڵی خولەکەدا، کە پێموایە لە هەموو وەرزێک باشتر بەشداریان کرد چ لە رووی خولەکی یاریکردن یان لە رووی ئاستەوە و ئەوان پێشانیاندا یاریزانی کورد هیچی لەوانیدیکە کەمتر نییە.

خاڵێکی دیکەی پۆزەتیڤ گەڕانەوەی یاریزانانی بەئەزموونی خولی عێراق بوو بۆ خولی کوردستان و دەرکەوتنیان لەو خولەدا، بوونی چەندین یاریزانی ئەستێرە لە خولی کوردستاندا هێز و تینێکی دیکەی بەو خولە بەخشی و ئەوەش وایکردووە رکابەرییەکە بەهێزتر بێت و ئاستی یانەکان باشتر دەربکەوێت.

بە گشتی پێموایە دەبێ یانە بەشدارەکانی باشووری کوردستان لە خولی عێراقدا سوودیان لە چەند خاڵێک وەرگرتبێت، یان بەدیوێکی دیکەدا هەندێک پەند فێربووبن.

پەندی یەکەم ئەوەیە کە یاریزانە کوردەکان دەتوانن باش بن، هان بدرێن و پشتگیری بکرێن، دەتوانن کاری مەزن بکەن، ئەمساڵ سەلمێنرا کە یاریزانە کوردەکان تەنیا بۆ شوێنپێکردنەوە نابن، دەتوانن یەکلاکەرەوە بن.

پەندی دووەم ئەوەیە کە یانەکان لە سایەی ئەو قەیرانە دارایییەی کوردستانی گرتەوە، ئیدی دەبێ تەواو بایەخ بە ئەکادیمیاکانی خۆیان بدەن و هەوڵبدەن پێگەیاندنی یاریزانان بە سیستم بکەن و باشتری بکەن.

پەندێکی دیکە ئەوەیە کە یانە کوردستانییەکان هەموویان هەستدەکەن لەبەر کوردبوونیان شەڕی زۆریان پێدەفرۆشرێت، هەروەها ناوبژیوانان ناهەقییان بەرامبەر دەکەن، بۆیە دەبێ بەدوای شێوازێکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی فشار لەسەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق دروست بکەن.

سێ یانەی نایاب و چەندین یانەی پلە یەک دەتوانن وەک ئەوەی لە هەموو جیهاندا باوە، یەکێتییەکی یانە وەرزشییەکان دروست بکەن و ئەوە بکەنە چەکێک بۆ فشار خستنە سەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق، تا لانی کەم وەک ئەوەی یاریزانانی کورد لە وەرزیندا گێڕایانەوە بەو شێوەیە رووبەڕووی هەڕەشە نەبنەوە.

نیمانیا ماتیچ..
کوڕە گوندییە وەفادارەکە

رووداوی وەرزشی ـ DW

نیمانیا ماتیچ، یاریزانی سرپی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، وەفاداری خۆی بۆ خەڵکی لای دوکانداەرکانی ئەو خەڵکی گوندەکەی رۆژنامەنووسێکی کە چۆن ماتیچ وەفادارەو دەڵێت بەردەوام سەردانی ئەوەی قەرزی ماتیچی لەلای کردووە».

گوندەکەی لە سرپیا نیشاندا، کاتێک چووە گوندەی تێیدا گەورە بووە و هەموو قەرزی دایەوە، کە لەسەریان بوو.

سرپی بەناوی بیلیچ، باس لەوە دەکات بەرامبەر خزم و کەسوکارانی گوندەکەی «ماتیچ ئەو کاتەی لە سرپیا بێت بەقاڵەکانی گوندەکەی دەکات، بۆ خەڵکی گوندەکەی بداتەوە، ئەوەش دانیشتوانی گوندەکە زۆر خۆشەویست ئەو رۆژنامەنووسە هەروەها دەڵێت «ماتیچ بەردەوام سەردانی دوکانداەرکانی گوندی فریلۆ دەکات و ئەو قەرزی دوکانداەرکانی گوند لەسەر خەڵکی نووسیویانە دەداتەوە. ئەستێرەی چێڵسی بەردەوام شانازی بەو گوندە دەکات کە تێیدا گەورە بووە». هەر بۆیەش ئەو کارەی ماتیچ لەلایەن هاندەرانی چێڵسی و خەڵکی گوندەکە بە رێز و ستایشەوە پێشوازی لێکرا.

نیمانیا ماتیچ، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی سرپیا توانی نازناوی مۆندیالی خوار تەمەنی 20 ساڵی لە ساڵی رابردوو بەدەستبێنێت، خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی رابردووی سرپیای پێدرا بۆ ساڵی دووەم لە دوای یەک، هەروەها لەگەڵ چێڵسیش نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستهێنا. ئەو ئێستا یەکێکە لە یاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردەی سرپیا.

پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

سۆران ئیبراهیم لە سلێمانی

بە لێدوانی:

(شەعراوییە، شەیدای زۆرانبازییە)

چل و حەوتەمین پێشبڕکێ

رووداو وەرزشی

ژمارە (391) سێشەممە 2016/3/8

S LOTTO

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیۆتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : .....

مۆبایل : .....

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

KOREK Telecom

پەیامنێرەکەت لەناو یاریگا

خزمەتگوزاری "پەیامنێری هاندەران"

SKY SPORTS

کورەك بەهەمانگی لەگەڵ کەناڵی (Sky Sports)، خزمەتگوزاری "پەمانێری هاندەران" پێشکەش بە هەوادارانی تۆپی پێ دەکات، ئەم خزمەتگوزارییە بوارت بۆ دەرخسێنێت بەدواداچوون بکەی بۆ هەواڵەکانی ئەستێرەکانی تۆپی پێ و خولە جیهانییەکان و گۆڵە یەکلاکەرەوەکان لەساتی رووداندیان، لەڕێگەی وەرگرتنی کورتەنامە.

بۆ بەشداریکردن:
• لەڕێگەی ناردنی نامەیەك، ژمارە 1 بۆ زمانی کوردی، ژمارە 2 بۆ زمانی عەرەبی و ژمارە 3 بۆ زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ 2100 یاخود پەیوەندی بکە بە 90091300.
• نرخی بەشداریکردنی مانگانە: 1800 د.ع.
• بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دەتوانیت بەخۆڕایی خولەکانی تۆپی پێ و یانەکانی دیکە زیاد بکەی هەر لە هەمان ماوەی بەشداریکردنت.

korektel.com
411

LFP SERIE A BARCLAYS PREMIER LEAGUE BUNDES LIGA UEFA CHAMPIONS LEAGUE

RÛDAW
www.rudaw.net
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەمە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە